# یادی 23 ساڵەی شەهید بوونی یاریزانێکی دێرین پێشمەرگەیەکی قارەمان ... ئەنوەر خەراجیانی



بە پێویستمان زانی لەم ڕۆژەدا یادی شەهید بوونی پێشمەرگەیەکی قارەمان و یاریزانێکی دێرین شاری سلێمانی بکەینەوە، بە چەکی شەرەف و ڕێگای کوردایەتی ماڵئاوای کرد لە وەرزش و یاریگاوخزموو کەسوکار و برادەران، شەهید غەفور هەمیشە زیندووە لە دڵی گشت یاریزانان شەهیدی قارەمان بە تەنها یاریزان نە بووە یەکێك بووە لە ڕاهێنەرە لێهاتووەکانی سلێمانی لە بواری یاری تۆپی دەست دا پاشان ناوبژیوانی یاری سەبەتە و تۆپی دەست بووە تا ئەو کاتەی پەیوەندی کردووە بە ڕیزی پێشمەرگەوە خزمەتی وەرزشی کردووە، بابزانین لە نزیکەوە ئەم یاریزان و شەهیدە قارەمانە کێیە؟؟؟

شەهید غەفور شێخ جەلال باراوی ناسراوە بە مامۆستا غەفور لە ساڵی 1954 لە شاری سلێمانی چاوی بەدونتادا هەڵهێناوە، سەرەتایی دەسپێکرنی وەرزشی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 1970 ساڵانە بەشداری کردووەلە چالاکی قوتابخانەکان پاشان بووە بە هەڵبژاردەی پەروەردە لە یاری تۆپی دەست و سەبەتە لە گۆڕەپانیشدا بەشداری ڕاکردنی 110 م بەربەس و 400 م و بازی درێژ، شەهیدی نەمر بە توانای خۆی توانی ببێت بە یاریزانی یانەی سلێمانی پاشان بووە بە یاریزانی هەڵبژاردەی سلێمانی، لە پاڵ وەرزشەکەی توانیوێتی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی تەواو بکات، پێش دەسپێکردنی بە یاری سەبەتەو تۆپی دەست یاریزانی تیپی دیمەن بووە لە تۆپی پێ دا، کاتێك قوتابخانەی تەواو کرد دەبێت بە سەرباز لە سوپای عێراقی لە بەغداد بەهۆی لێهاتووی توانیوێتی جێگای خۆی بکاتەوە لە بەشی وەرزشی سوپا دا پاشان گواستراوەتەوە بۆ سلێمانی لە گەڵ چەند برادەرێکی وەرزشکاردا بۆ مەبەستی یاریکردن بۆ سوپا.

شەهیدی نەمر وەرزشکارێکی زۆر بەتوانا بووە خۆشەویستی وەرزشکاران بووە چونکە قەد نە بووە لە هیچ کاتێکدا دڵی برادەرێك بهێشێنێ. لە ساڵی 1970 بۆ یەکەم جار توانیوێتی تیپی لاوانی یاری سەبەتە دروست بکات لە ساڵەکانی 1976 بۆ 1977 بووە بە ڕاهێنەری یاری تۆپی دەستی هەڵبژاردەی سلێمانی لە ساڵەکانی 1978 / 1979 / 1980 دا یەکێك بوون لە پاڵەوانەکانی عێراق، ناوبژیوانی یاریەکانی سەبەتەو تۆپی دەست بووە تا شالەکانی 1982 بەردەوام خزمەتی وەرزشی کردووە لە گشت ڕوویەکەوە لە گەرمەی خزمەتی وەرزشیدا بووەچۆتە ڕیزی پێشمەرگە و چەکی شەرەفی کردۆتە شانی لە هەمان ساڵ 1982 دا لە سەر فەرمانی شۆڕش، لە پێشمەرگایەتیشدا هەرگیز لە مردن نەترسابوو هەر بۆیە کام شوێن سەخت بوویە بەبێ یەکو دووە دەچوو بەرەو ڕووی شووێنەکە، لە سەرەتای بەهارو لە ڕۆژێکی خۆشدا کە زۆربەی زۆری خەڵکی شار و شارۆچکەکان سەرقاڵی سەیرانی بوون لە دەشتوو هاوینە هەوارەکان کورانی شار بە جلوبەرگی جوانەوە لە نێو شەقامەکانی شاردا دەگەڕان کچان بەزردەخەنەوە ڕوویان دەکردە قوتابخانەکان دایکان

لەبەردەگا چاوەڕوانی کۆرپەکانیان دەکرد کەی بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، پیاوان لە چاخانەکاندا خەریکی یاری دۆمینە و پێکەنین بوون.
لە سەیرانگاکان خەڵکی سەرقاڵی گۆشت برژاندن و ئامادەکردنی مەی بوون، شەهید غەفورو پێنج برادەرەکەشی سەرقاڵی قسەی خۆشبووین لە نێوان یەکدا لە ماشێنێکدا لە ناکاو دراینە بەر گولە و لە ماوەی چەند سانیەکدا شەهید غەفورو پێنج هاورێکەی بوونە قوربانی گەل و نیشتمان. ئێمەش وەك گەنجانی شار کەیفمان بەو شتانە دەهات بەڵام رێگای شاخ و کوردایەتیمان لا پیرۆزتر بوو.
شەهید غەفوری جوانەمەرگ لەگەڵ 5 هەڤاڵی خۆسەویستەکەیدا لە بەرواری 1 / 4 / 1983 شەهید کران لە گوندی گورگەیەر لە شاربازێر،
نامەیەکی کراوە لە لایەن خەسرەو باراوی برای شەهید غەفور بۆ یانەی سلێمانی و کاربەدەستانی وەرزشی، سلاو بەرێزان.

وەك ئاگادارن شەهیدی برام تا لە شار بوو خزمەتی وەرزشیکردووە بەبێ کۆڵنەدان بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستاکە هیچ لایەنێك وەك یاریزانێکی دێرین و شەهیدێك بەسەریان نەکردۆتەوە کە جێگەی داخی خانەوادەکەمانە، وێنەیەکی لە ئیدارەی یانەی سلێمانی هەڵواسرابوو لە ساڵەکانی 1997 دا ئەویشیان داگرتە خوارەوانێ، هیوادارم لەمەودوا یاریزانان و شەهیدەکانیان لە بیر نەکەن ئیتر سوپاس

نووسین و بلاوکردنەوەی
ئەنوەر خەراجیانی


